# چەند سەرنجێک لەمەڕ پێوەندیی فێمینیزم و ناسیۆنالیزم

## ژن لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیستیدا

ئاڵۆزیی پێوەندیی نێوان ناسیۆنالیزم و فێمینیزم شتێکی شاراوە نییە. ناسیۆنالیزم وەک ڕەهەندێکی سیاسیی پرۆژەی مۆدێرنیتە، هەر لە سەرەتاوە لەسەر بنەمای تێگەیشتنێک لە سیاسەت و لە بواری گشتی ( public sphere)پێکهاتووە کە لەودا ژنان مەودایەکیان بۆ بەشداری پێنەدراوە و بە شێوەیەکی گشتی خراونەتە پەراوێزی کۆمەڵگەی سیاسی و هاویشتراوەتە قوژبنی ئاشپەزخانە و چوارچێوەی خێزان و بواری خوسوسییەوە ( private sphere).لەو خوێندنەوەیەدا ژن هێمایەک بوو بۆ سروشت، و پیاو بە پێچەوانە هێمای کەلتور بوو. لەو ڕوانگەیەوە لە حاڵێکدا ژن تەنیا بەهۆی زان و منداڵداربوون و بەرهەمهێنانی شتێکی سروشتی (منداڵ) پێناسە دەکرێت، پیاوەکان لەسەر بنەمای خوڵقاندن و ئافراندنی فکر و کەلتورەوە پێناسە دەکرێن. ناسیۆنالیزم وەک پرۆژەیەکی سیاسی لە هەمان حاڵدا ڕیشەکانی لەسەر خوێندنەوە و تەفسیرێکی باوکسالارانە لە کۆمەڵگە و لە مێژوو بیناکراوە کە لەو تەفسیرەدا ژن تەنیا دەورێکی لاوەکی دەبینێ.

دیارە ناسیۆنالیزم لە ڕەوتی دۆخگۆڕیی خۆیدا تووشی ئاڵوگۆڕ هاتووە و پێناسەی دەقاودەقی سەد دوو سەد ساڵ لەمەوبەری نییە. هاوکات دەبێ سەرنجی ئەو خاڵە گرینگەش بدەین کە ناسیۆنالیزمی نەتەوە بندەستەکان لەگەڵ ناسیۆنالیزمی نەتەوەی باڵادەست و مۆدێلی ڕۆژئاواییەکان لە هەندێ ڕووەوە جیاوازییان هەیە، لەوان لە ناسیۆنالیزمی نەتەوە بندەستەکاندا ژنان دەورێکی زۆر بەرفرەوانتر و چالاکتر دەگێڕن. سەرەڕای ئەو جیاوازییانەش، ناسیۆنالیزم لە ئاستێکی ستروکتورییەوە گۆڕانێکی ئەوتۆی بەرسەردا نەهاتووە و هەر بەو پێیەش کۆمەڵێک ناکۆکی و ناتەبایی لەگەڵ پرینسیپە فێمینیستییەکاندا هەیە.

یەکێک لەو خاڵانەی کە فێمینیزم دەخاتە خانەی ململانێ و بەربەرەکانی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی نەریتیدا، مەسەلەی شوێنگەی ژن و دەوری ژنان لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیستیدایە. لەو بوارەدا ناسیۆنالیزم گیانسەخت بووە و ئاڵوگۆڕێکی فرە ناوەڕۆکییانەی بەسەردا نەهاتووە. هەر ئەو خاڵەش سەرشاری ناکۆکییەکی ڕواڵەتی ناسیۆنالیزم پێکدێنێ، چونکو لە حاڵێکدا ناسیۆنالیزم بەبێ ژن و هێمای ژن لە ناوەڕۆکی خۆی بەتاڵ دەبێت، لە هەمان حاڵیشدا ژن لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمدا ڕۆڵی بکەر و سوژەی نییە. ئەو ناکۆکییە هەروەک گوتم، ڕواڵەتییە، چونکو لە ئەساسدا ژن لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیستیدا زۆرتر ڕۆڵی هێمایەک دەگێڕێ تا سوژەیەک. ژن لەو دیسکۆرسەدا ڕۆڵی تەواوکەری نییە بەڵکو بوونی ژن لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیستیدا شێوە شەرعییەتدانێکە بە دەوری پیاو. لە بنەڕەتدا دەتوانین بڵێین ژن بۆ ناسیۆنالیزم بوونەوەرێکی خاوەن ئەقڵ و سوژەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو لە پلەی یەکەمدا دەورێکی هێمایی لەو دیسکۆرسەدا هەیە.

## ژن و جەستەی ژن وەک هێمای ناسیۆنالیزم

هەر وەک گوتم، ناسیۆنالیزم بەبێ بوونی ڕۆڵی ژن و بەتایبەت هێمای جەستەی ژن، شیاوی وێناکردن نییە. ناسیۆنالیزم لە لایەکەوە پێکچوویی‌یەکی زۆری لەگەڵ ساختاری بنەماڵە و خێزاندا هەیە و بەشێ لە شەرعییەتی خۆی، بەتایبەت لە خوێندنەوە نەریتییەکان لە ناسیۆنالیزم، لەو پێوەندییە خزمایەتی و خوێنییە وەردەگرێ کە لەڕێگەی بنەماڵە و خێزانەوە دەبێتە هۆی پێناسەیەکی هاوبەش. لەو پێکچوونییەدا ناسیۆنالیزم هەمان هیرارشی و ساختاری پێوەندی بەرهەم دێنێتەوە کە لە بنەماڵەدا زاڵە. پێوەندییەک کە لەودا پیاو و باوک و کوڕ دەوری ناوەندییان هەیە و ژن، دایک و کچ دەورێکی لاوەکی دەگێڕن.

جەستەی ژن وەک هێمایەک دەورێکی کاریگەر دەبینێ لە شوناسی ناسیۆنالیزمدا. چونکو لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیستیدا ئەوە جەستەی ژنە کە هێمای نیشتمان دەکات و هەر بەو پێیەش دەوری پیاوەکان لە داکۆکیکردن لەو نیشمانە (لەشی ژن) پێناسە دەکا. بەو مانایە شوناسی ژن وەک نیشتمان، نەتەنیا قایلبوونی پێناسەیەکی چالاک و دانی ڕۆڵێکی چالاک نییە، بەڵکو بگرە لەو دابەشێنەدا و بە پێکچواندنی ژن وەک نیشتمان، لە کردەوە ژن دەبێتە ئۆبژە و بابەتێک کە دەکەوێتە خانەی خاوەنێتی پیاوان. ژن وەک نیشتمان بوونەوەرێکی پاسیڤە کە تەنیا لەوێدا ئامادەیی هەیە تا لەلایەن دوژمنەوە دەستدرێژی بۆ بکرێ؛ تا لەلایەن کوڕە ئازا و قارەمانەکانی داکۆکی لێ بکرێ؛ تا شەرەفی بپارێزرێ یان شەرەفی پەڵەدار بێت؛ تا داگیر بکرێت یان ڕزگار بکرێت.

جەستەی ژن وەک بەرهەمهێنەرەوەی بایۆلۆژیکی نەتەوە

جەستەی ژن و دەوری ژن وەک دایک، ڕەهەندێکی گرینگی دیکەیە کە دەوری ژن لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیدا دەکاتە دەورێکی لاوەکی. لەو گۆشەنیگایەوە ژن ئەرکی بەرهەمهێنانەوەی نەتەوەکەی دەکەوێتەسەر شان؛ ژن ئەرکی پەروەردەکردنی کوڕانی ئەو نەتەوەی دەکەوێتە ئەستۆ. لە خوێندنەوەیەکی ئاوادا، ژن وەک دایک دەبێتە هێمایەک بۆ پاکی، بۆ نەجابەت و بۆ ئەخلاق. ژن وەک دایک ئەرکی زان و پەروەردەکردنی کوڕانی ئەو نەتەوەیەی لەسەرشانە بۆ ئەوەی نەتەوەکەی لە فەوتان ڕزگار بکات. لەو دیسکۆرسەدا ژن خاوەنی پێناسە نییە، ئەوە پیاوە کە پێناسە بە ژن دەبەخشێ. ئەو ژنە کوردانەی کە هاوسەری غەیری کورد هەڵدەبژێرن، لە کوردایەتی دەکەون، بەڵام پیاوی کورد دەتوانێ ژنی بیانی هەبێ بەبێ ئەوەی خەوشێک بکەوێتەسەر کوردایەتییەکەی. هۆی سەرەکی ئەو هەڵاواردنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێگەیشتنە کە ژن خاوەنی پێناسەیەکی سەربەخۆ نییە و دەوری ئەو لە بەرهەمهێنانەوەی پێناسەیەکی نەتەوایەتی، دەورێکی لاوەکی و پاشکۆی ئیرادە و ناسنامەی پیاوەکەیە. لەو پێوەندییەدا سێکسوالیتییەی ژن وەک ماکێکی پێناسەبەخش سەیر ناکرێ، بەڵکو وەک ماکێکی پێناسەگر دەبیندرێ کە پێناسەکەی بەستراوەتەوە بە سێکسوالیتەی پیاو. بەکورتی، دەوری ژن لەو دیسکۆرسەدا بەرهەمێنانەوەی بایۆلۆژیکی نەتەوەیە نەک پێناسەکردنی ئەو نەتەوەیە.

## ژن و جەستەی ژن وەک بەرهەمهێنەرەوەی کەلتوری

جەستەی ژن لە ڕوویەکی دیکەشەوە لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیستیدا گرینگی هەیە. ژن لەو دیسکۆرسەدا هێمایەکە بۆ بەرهەمهێنانەوەی کەلتوری. ئەوە ژنە کە لە نەخشی دایک یان هاوسەردا دەبێ ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە بە چەشنێ پەروەردە بکات کە هەڵگری بایەخەکانی کەلتوری هەمان نەتەوە بن. لەو پەروەردەکردنەشدا جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان کوڕ و کچدا. ژن کە بۆخۆی لەو دیسکۆرسەدا هێمایەکە بۆ نەرمی، پاکی، سەنگینی و نەجابەت، ئەرکی ئەوەیە کە کچانی ئەو نەتەوەیە بە هەمان نۆرم پەروەردە بکات، بەڵام کوڕانی ئەو نەتەوەیە دەبێ خاوەنی تایبەتمەندی وەک ئازایەتی، دلێری و بوێری بن. بە واتایەکی دیکە ژن لەو دیسکۆرسەدا هەم جەوهەری نەتەوە پێکدێنێ و هەمیش سنوورەکانی ئەو نەتەوەیە دیاری دەکات، بەڵام خۆی لە خۆیدا دەوری پێناسەیی نییە.

## ژن ئامادەییەکی نائامادە

بەکورتی، ژن هەمیشە لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمدا ئامادەیی هەبووە، بەڵام ئەو دەورەی ناسیۆنالیزم بۆ ژن قایل بووە، هیچکات دەورێکی چالاک و بکەرانە نەبووە، بەڵکو دەورێکی لاوەکی و پاسیڤ بووە. ئەو ڕەهەندەی ناسیۆنالیزم لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا دەکەوێتە ناتەبایی لەگەڵ دۆخگۆڕیی کۆمەڵایەتی و چالاکبوونەوەی ژنان لە بوارە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا. واتە لە حاڵێکدا ژنان وەک بەشێک لەو جووڵانەوەیە بەرەسمی دەناسرێن، بەڵام ناسیۆنالیزم خۆی لە خۆیدا چیکڵدانەی بۆ بەخشینی ڕۆڵێکی چالاک بە ژنان نییە. ژنان بەو مانایە دەبێ دەوری خۆیان بەسەر ناسیۆنالیزمدا بسەپێنن.

ئامانجی ناسیۆنالیزم و جووڵانەوەیەکی ناسیۆنالیستی لە بوارێکی دیکەشدا لەگەڵ ئامانجی جووڵانەوەیەکی فێمینیستی یەک ناگرێتەوە. لە حاڵێکدا جەوهەری هەموو جووڵانەوەیەکی ناسیۆنالیستی گەیشتن بە هەندێ

> سەیرە، کە ژنانی کورد لەنێو سستمێکی تیۆکراتو ئاینیو دژە دیموکراتو پیاوسالارانەدا بواری کارو چالاکیان فراوانترە، تا ژنانی ئەندامی ئەو هێزە سیاسیانەی کە بۆ سکیۆلاریزمو یەکسانی مافی ژنو پیاو خەبات دەکەن.

مافی نەتەوایەتییە، بۆ جووڵانەوەیەکی فێمینیستی، مافە جنسییەکان و مافی یەکسانی ژن دەکەوێتە ناوەند و وەک جەوهەری ئەو جووڵانەوەیە پێناسە دەکرێت. هەڵبەت ئەو ناتەباییە مەرج نییە ناتەباییەکی ناوەڕۆکی بێت، بەڵام هەرنا لە ڕواڵەتدا، ناتەباییەکە کە هەروا بە سانایی ناکرێ بەسەریدا تێپەڕ بین. هەر ئەوەشە کە پێویستی خوێندەوەیەکی نوێ لە ناسیۆنالیزم پێویست دەکات. چونکو لە خوێندنەوەیەکی ڕووتی ناسیۆنالیستیدا زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ پرینسیپەکانی یەکسانی مافی ژن و پیاو هەڵێنجێ و بۆیەش ئەوە ئەرکی فێمینیستەکانە کە هەوڵی ئەوە بدەن لە خوێندەوەیەکی فێمینیستی لە ناسیۆنالیزم، مەودا و دەرەتان بۆ گۆڕینی ناسیۆنالیزم ساز بکەن و هەندێ لە پرینسیپەکانی خۆیان بەسەر ئەو ڕەوتەدا بسەپێنن.

هەر لەو پێناوەدا هەوڵدەدەم یەکێ لەو لایەنانە بێنمەبەر باس کە بە باوەڕی من دەورێکی گرینگی لە دوورخستنەوەی ژنان لە هێزە سیاسییەکان و لە هەندێ لە مەیدانەکانی چالاکیی سیاسیدا هەیە.

## دوو ئاراستەی جیاواز و ئەنجامێکی هاوبەش

جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا کۆتایی هەفتاکان بەگشتی جووڵانەوەیەک بووە بە ئاراستەیەکی نەتەوەیی کە لەودا حیزبی دێموکراتی کوردستان تاکەسواری مەیدان بوو. ئەو ئاراستەیە لە ئەساسدا ئاراستەیەکی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی بوو. دوای هەفتاکان بە سەرهەڵدانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان و هەندێ ڕێکخراوی کوردستانی هێزە ئێرانییەکان، ئاراستەیەکی دیکە سەریهەڵدا کە پێناسەی چینایەتی لە سەرووی پێناسەی نەتەوەیی دادەنا. ئەو دوو ئاراستەیە تا ئێستاش بە هەندێ گۆڕانکاری نوێنەری خۆیان لەنێو جووڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە. لە حاڵێکدا ڕزگاری نەتەوەیی ئامانجی ناوەندی ئاراستەی یەکەم بووە، ئاراستەی دووەم ڕزگاری چینایەتی بە تەفسیری جیاواز وەک پێشمەرجێک بۆ ڕزگاری نەتەوەیی داناوە.

کە دێتەسەر کێشەی مافی ژنان، هەردووکی ئەو ئاراستانە دانیان بە مافی یەکسانی ژن و پیاودا هێناوە و لە بەرنامە و لە نووسینەکانیاندا داکۆکیان لەو یەکسانییە کردووە. ئەو ئاراستانە بەگشتی سێکولەر بوون و لە ئاستی پرۆگرامی سیاسییدا وەک هێزی پێشکەوتنخواز و داکۆکیکەری دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی خۆیان پێناسە کردووە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەئاڕا: بۆ سەرەڕای ئەوەی هێزە سەرەکییەکانی جووڵانەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داکۆکی لە یەکسانی مافی ژن و پیاو دەکەن و دان بەو یەکسانییەدا دەنێن، ژنانی کورد دوای زیاتر لە نیو سەدە خەباتی سێکولەر ڕێگەیان پێنەدراوە لەو جووڵانەوەیەدا شوێنی شیاوی خۆیان بدۆزنەوە؟ بۆ کە دێتەسەر ئامادەیی و دەوری ژنانی کورد زۆربەی هەرە زۆری پارتە سیاسییەکانی کوردی تووشی قاتوقڕی هاتوون؟ بۆ وەڵامدانەوە یان لانیکەم بۆ شیکردنەوەی یەکێ لەو خاڵانەی کە من پێموایە هۆکارێکی جیددی بووە لەو ڕەوتەدا، دەمەوێ لە فاکتێکی بەرواڵەت سەیر و سەمەرەوە دەستپێبکەم.

ئێمرۆ لە بەراوردێکی سەرپێیی و خێرادا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە چالاکانی خەباتی ژنان لە پلەی یەکەمدا لە دەرەوەی حیزبەکان و لە ناوەوەی وڵاتدا سەرهەڵدەدەن. لە ناوەوەی وڵات سەدان ڕێکخراو و کۆمەڵەی ژنان بە ڕاستای جیاواز پێکهاتوون. ژنان لە نووسیندا چالاکترن و لە بەرجەستەکردنەوەی داواکارییەکانیان سڵ ناکەنەوە. دواتر ئەوە لە دەرەوەی وڵات و لە دەرەوەی حیزبەکاندایە کە هەندێ چالاکی سیاسی لەو بوارەدا خەریک کار و تێکۆشانن. ئەو کەسانەش لەپشتی زیاترین نووسینەکان و چالاکیەکاندا هەن. حیزبە سیاسییەکان لەو بەراوردەدا دەکەونە دوایین خانەوە. واتە چالاکانی سیاسی نێو حیزبەکان لەنێو بزووتنەوەی ژناندا کەمترین دەوریان هەیە. بۆ؟ ئایا ئەوە سەیر نییە کە ژنانی کورد لەنێو سیستمێکی تیۆکرات و ئایینی و لەنێو چوارچێوەی ڕێژیمێکی دژەدیموکرات، دواکەوتوو و فرەپیاوسالارانەدا بواری کار و چالاکییان زیاتر بۆ ڕەخساوە یاخود توانیویانە ئەو بوارانە بڕەخسێنن و لە بوارێکی بەرفرەوانتردا کار و چالاکی بکەن تا ژنانی ئەندامی ئەو هێزە سیاسییانەی کە بۆ سێکولاریزم و بۆ یەکسانی مافی ژن و پیاو خەبات دەکەن؟

بە باوەڕی من ئەو دیاردەیە دیاردەیەکی سەیر نییە. بەڵکو بەر لە هەموو شت دەرخەر و دەربڕ و ئەنجامی لۆژیکی ناسیۆنالیزم و چەپی کورد و تێگەیشتنی ئەوانە لە مافی ژنان. واتە لە حاڵێکدا هەردووکی ئەو باڵانەی جووڵانەوەی کوردی، مەسەلەی یەکسانی مافی ژن و پیاو دەسەلمێنن، بەڵام ئەو مافانە دەخەنە خانەی دوای ڕزگاری نەتەوایەتی یان چینایەتییەوە. ئەوە بە باوەڕی من یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی نادیاری و لاوازی دەوری ژنانە لە خەباتی هێزە سیاسییەکاندا. لە حاڵێکدا لە ناوەوەی وڵات (بێگومان بەشێک بەهۆی دەسەڵاتداری ڕێژیمی ئیسلامی و نەبوونی کەشێکی دیموکراتیک) مەسەلەی خەباتی ژنان دەبێتە بەشێک لەو خەباتە سیاسی و مەدەنییە کە لەودا مافەکانی ژنان دەکەونە ناوەندەوە، لەنێو هێزە سیاسییەکانی کوردیدا، هەموو داواکارییەکی ژنان، دەکەوێتە پەراوێزی داواکارییە نەتەوایەتی و چینایەتییەوە. بەو واتایە ژنان لە ناوەوەی وڵاتدا هاسانتر دەتوانن بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆیان خەبات بکەن، چونکو لەو خەباتەدا خودی ئەو مافانەن کە دەکەونە سەرووی ئەجێندا و ڕۆژڤەکەوە و ناکەونە پەراوێزی ویستەکانی دیکە. خەباتێکی وایش تێکۆشەران و کادری خۆی ساز دەکات، لە حاڵێکدا لە خەباتی حیزبیدا ئەو کادرانە بەرلەوەی کادری جووڵانەوەی ژنان بن، کادری خودی حیزبەکانن.

**شەماڵ کاوە**

سایتی دیمانە